
**زیرەکی دەستکرد و کاریگەرێتی لەسەر ئایندەی مرۆڤایەتی**

ئامادەکردن و وەرگێڕانی  هەڵۆ بەرزنجەیی        بەشی  دووەم

سەرنج: ئەم بەشە پێکهاتووە لە چاوپێکەوتنی چوار کەسایەتی شارەزا و پسپۆڕ و ئەقڵی ئەم بواری زیرەکی دەستکردە، تژییە لە زانیاری ورد لەسەر سەرجەم ڕەهەندەکانی ئەم شۆڕشە خێرا و زەبەلاحەی زیرەکی دەستکرد بەرپای کردووە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ ستیوارت راسل




لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری ئەستێرە، شتێرن رۆژی ١٦,٣,٢٠٢٣ لەگەڵ Stuart Russell پرۆڤیسۆری زانستی کۆمپیوتەری زانکۆی Berkeley تەمەن ٦١ساڵ دا کە هاوکات ڕاوێژکاری گەلێ حکومەتیش دەکات!

پرۆفیسۆر Stuart russell دەڵێ:" گۆڕانی جیهان ڕوو دەدات، مرۆڤ دەبێت سنوور بۆ زیرەکی دەستکرد دانێ، دەنا رۆژی لە ڕۆژان زیرەکی دەستکرد کۆنتڕۆڵمان دەکات."

پ: پرۆفیسۆر راسل ئەزموونی ئێوە چی دەڵێ لەگەڵ چات گیپیتی قسەکردن داChatbots ی Open-AIی Google یانMeta ؟

و: جۆراوجۆرە خەڵک لەبەکارهێنانی چات گیپیتی ChatGPT دا رووبەری ئەمە دەبێتەوە: چ شتێ گەورەترە فیلێک یان پشیلەیەک؟ رۆبۆرتەکە وەڵام دەداتەوە: فیلێک گەورەترە لەپشیلەیەک. ئینجا مرۆ پرسیارێکی تری لێ دەکات: کام لەو دوانە گەورەتر نین؟ وەڵامی ڕۆبۆرت ئەوەیە: نە فیل و نە پشیلە هیچیان لەوی تر گەورەترە.

پ: لە ئێستا مرۆ زۆر شت دەخوێنێتەوە دەربارەی ئەو جۆرە هەڵەکردنانە و زانیاری هەڵە. بەڵام رۆبۆت گفتوگۆی دوورودێژی پڕ لەزانیاریش بەڕێوە دەبات؟.

و: بەڵام دیسان مرۆ شتی واش دەبینێ: گەورەترین ژمارەی تاک/ نارێک چییە؟ وەڵام دەداتەوە٩٩ ٩٩٩ ٩٩٩ ٩٩٩. بەجۆرێک لە جۆرەکان پێکەنیناوییە Chat GPT.نازانێ، ناوبراو دەتوانێ لە دوو ڕستەدا دژ و پێچەوانەی خۆی بوەستێتەوە.

پ: لای OpenAI دەڵێن: ئەوە پرۆسێسێکە و ئێمە بەردەوام خەریکی چاککردنی ڕۆبۆرتەکەین.
و: مرۆ ناتوانێ هەموو شتێک چاکتر بکات.. کێشەی بنچینەیی بریتییە لە دەست پێک. چات گیپیتی، دەتوانێ چەندین ئەرک باش ڕاپەڕێنێ. بۆنموونە لێی بپرسە: مرۆ چۆن بەری هێلکەی مانگا دەچنێتەوە؟ وەڵام دەداتەوە: هێلکەی مانگا گەورەترن لە هی هێلکەی مریشک ، ڕەنگێکی شێوەڕەشیان هەیە و مرۆ دەبێ زۆر بتان کوڵێنێ.

پ: ئامۆژگاری دوورکەوتنەوە لەبەکارهێنانی چات گی پی تی دەکەن؟.
و: زۆر کەس ئەم پرسیارەم لێ دەکەن و بە سیاسییەکانیشەوە ، من پێیان دەڵێم: تۆ ڕێگە دەدەیت کاروبارەکانت لە لایەن کەسێکی ٦ ساڵییەوە جێبەجێ بکرێت، ئەگەر بێت تەنانەت ئەو ٦ ساڵییە هەموو ڕێنمایی و زانیارییەکانی بەکارهێنانی مەکینەی جلشۆرییەکەتی ئەزبەریش بێت.!

پ: لەگەڵ ئەوەشدا ChatGPT لە جیهانی کارکردن دا بەکاردێ و وەک زیرەکی دەستکردی ژیانمان زۆر بە گوڕ بگۆڕێ.

و: ئەوە وەکماڵی کردنی Domestication سەگ و پشیلە . ئێمە بە هێواشی بۆمان دەرکەوتووە سەگ چی دەتوانێ و چۆن لەگەڵ ژیانماندا دەگونجێ . پارێزەری مەڕەکان دەکات، پارێزگاری لە ماڵێک دەکات، شەیپوور لێدەدا - هەموو ئەمانە دەتوانێ . هەروەها لای ڕۆبۆرتی گفتوگۆ یان قسەکردن چات بۆتس Chatbots /ئەمە دەبینینەوە .

پ: زیرەکی دەستکرد زیاتر لە سەگێک دەتوانێ ، لەمێژە بۆتە بەشێکی ژیانمان.
و: بەراستی بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبۆتەوە و زیرەکی دەستکرد بڕیار دەدات لەسەر هەر کردەوەیەکی دارایی. جا ئایا ئەو کردەوە داراییە ساختەیە. تەواوی راگەیاندنەکانی ئینتەرنێت لە ڕێگەی ئالگوریزمی زیەکی دەستکردەوە دیاری دەکرێ. ئەو خۆی ئاڕاستەی ئەو شتە دەکات کە تۆ لە ٤٨کاتژمێری ڕابردوودا بەدوایدا گەڕاوی.

پ: نابێت لە بیرمان چێت، ژیری دەستکردی بۆ چاودێریکردنی مرۆڤیش بەکاردێت، بەدیاری کراوی ناسینەوەی ڕوخسار.

و: ڕۆژانە زیرەکی دەستکرد لە زۆر کایەدا تاقی دەکرێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ئینتەرناسیونال نا بۆ ناسینەوەی ڕوخسار . خەڵک زۆر بەتوندی دژی بابەتی چاودێریکردن لەلایەن پۆلیسەوە. لە ئەوروپا خەڵک لەسەر ناسینەوەی ڕوخسار بە توندی سنووردارکردن Restrictions هەیە. ئەوەش بەو شێوەیە شتێکی باشە.
من نامەوێ لەسەر کۆمپیوتەرەکەم Laptop /دانیشم و کۆمپیوتەرەکەم هەواڵ لەسەر من بدات. بۆ نموونە ئەگەر بێت و من بە توڕەییەوە سەیری بکەم، ئەو کاریگەرێتی لەسەر چوارچێوە و قەبارەی قەرزکردنەکەم دروست بکات.. کەس نایەوێ وا بژی لەژێر چاودێری بەردەوام و هەڵسەنگاندنی بێ برانەوەدا..

پ: ئێمە هێشتا هەر قسە لەسەر شۆڕشێکی زیرەکی دەستکرد دەکەین. دەربارەی ئایندەیەک ، کە هەر کاتێ بێت ژیری باڵا Super -Intelligenz دەتوانێ سەرکەوێ بەسەر مرۆڤ دا.

و: ئێمە هێشتا دوورین لە General Purpose Artificial Intelligence یاخود Artificial General Intelligence - واتە زیرەکێکی دەستکرد، کە بتوانێ هەموو شتێک بکات، ئەوەی مرۆڤ دەتوانێ بیکات، هێشتا لەوەش زیاتر .. بەڵام هەموو نموونەکان لەسەر ئەوە بەرکولێکمان پێ دەدەن ، ئەوە چۆن چۆنی دەبێت، ئەگەر بێت و مرۆ بەپێی توانا هێندە زۆر زیرەکی دەستکرد . Anzapft بە نموونە شارێک نەخۆشخانەیەکی نوێی پێویستە، General Purpose AI بێت نەخۆشخانەیەکی نوێی بۆ دروست بکات...

پ:ئایا ئێمە دەبینە خاوەنی ژمارەیەکی بێشومار لەرۆبۆرت بۆئەوەی جێی کرێکاران بگرنەوە؟. و: دروستە، General Purpose AI بەتەنیا دەتوانێ هەموو ئەو شتانە بکات کە ئێمە ئێستا دەتوانین بیکەین، بە هەرزانتر و خێراتر و باشتر.

ئێستا نەخۆشخانەیەک نرخی ملیاردێکە، بۆئەوە پێویستت بە تەلارساز ، وەستا و هەزاران مرۆڤ هەیە کارەکە بکەن ..لەگەڵ کەرەسەکان دا، ئەگەر تۆ ئەو هەموو هێزی کارە کەم کەیتەوە و جێگرەوی بۆ دانێی هەرزان تر دێت بەدەستەوە.

پ: بەڵام هەر پێویستت بە «پۆڵا» دەبێت.

و: تەواوی شتەکان کانزاکان / کەرەسەکان تا دەگاتە گوێزانەوە لەلایەن رۆبۆرتەوە ئەنجام دەدرێ.

پ: بەردەوام پێشەنگانی زیرەکی دەستکرد دەڵێن، دەرئەنجامی بە ئۆتۆماتیزەبوون لە ڕێی زیرەکی دەستکردەوە ، دەشێ ٨٠٪کارەکان نەمێنن. بەڵام ئەوە هیچ نییە، خۆشگوزەرانییەکی وا فەراهەم دەکرێ، کەوا هەموومان بەبێ ئیشکردن بتوانین باش بژین.

و: مرۆ ئێستا هەستی پێدەکات بە ئۆتۆماتیزەبوون لە وەرگێڕان دا ، چەند کاریگەرە . زیرەکی دەستکرد دەتوانێ هەمووی باش وەرگێڕێ، ڕەنگە جگە لە شیعر AI .دەتوانێ وەرگێران زۆر بەرهەمدارتر بکات. بەڵام ئایا ئەمە مانای وایە تۆ پێویستت بە ١٠ هێندەی وەرگێڕانی ڕۆمانەکان هەیە؟ ڕەنگە نا.

پ: هەر دەبێت زیرەکی دەستکرد ژیانمان باشتر بکات؟

و: با بەنموونە دەستپێشکەریی کارێک بکەین، Graffiti نووسینی سەر دیواری شارێک بسڕینەوە. ئەگەر من تیمێکی رۆبۆرتی زیرەکی دەستکرد بە نرخی یەک لە دەی نرخی ئیمڕۆ، نووسینەکان کەمتر دەبنەوە . دوای ئەوەش تیمێک لە رۆبۆرت بێ سەرپەرشتی مرۆڤ تەواوی شارەکە هەموو ساتێ لە نووسین بە پاکی ڕادەگرن. لەوەش زیاتر کرێکاری تر دانامەزرێ، جگە لەوانەی کار بە رۆبۆرتەکان دەکەن و ئەمەش لە هەر دەڤەرێکدا دەکرێ. نرخی تێچوو هێندە کەم دەبێتەوە و کارەکە هێندە کارامە efficient دەبێت، ئەوەی کە جیهان دەیخوازێ. بە ژمارەیەکی کەم کرێکار جێبەجێ دەکرێ. وەرگێڕان، تیشکگرتن/ اشعە، سڕینەوەی گرافیتی هەموو ئۆتۆماتیزە دەبن.

پ: ئەمە واتە ئایندە؟

و: خۆ لێلادانی نییە.

پ: کەواتە ئەو دەم پێویستمان بە پرۆفیسۆر Russell نییە؟

و: ڕەنگە نەبێت.

پ: هەروەها هیچ ڕۆژنامەنووسێکیش کە پرسیار لە ئێوە بکات؟

و: ڕەنگە پێویست بەویش نەبێت. پرسیاری گەورە ئەوەیە دوای ئەوە مرۆڤ چی دەکات. ئێمە دەتوانین ڕێگای جیاواز بگرینەبەر و مرۆ دەتوانێ بڕیار بدات: بۆ ئەم یان ئەو جۆرە پیشانە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد بۆ کارکردن نافەرمی بێت. تۆ دەتوانی گرەو لەسەر هەر دۆلارێک، بکەیت سیاسییەکان هەر هەموو شتێک دەکەن ، بۆ خولقاندنی ئەم یاسا و ڕێسایە بۆ خۆیان: تەنیا مرۆڤ بۆی هەیە بێتە پەرلەمانتار.

پ: خەونی زۆر کەس ئەوەیە، چی تر کاری پاککردنەوە نەکات، گسک نەدات، پێویست نەبێ تەوالێت پاک بکاتەوە. بەڵام ئایا زەحمەت نییە، زیرەکێکی دەستکرد دروست بکرێ، بەهەر فۆڕمێک بێت کاروبار و ئیشی ماڵەوە نەهێڵێ؟

و: ماوێتی و کاتی دەوێت، General Purpose AIهێشتا هێندە دوور نییە.

پ: چەندی تر ؟

و: چەندی تر، ئەگەرێکی زۆر هەیە لەم سەدەیەدا ببین بە . General Purpose AI بۆئەمەش پێویستمان بە تێکشکاندنی ترە.بەڵام وەبەرهێنان دەچێتە ناوخەڵکی مەزنەوە. بەها و نرخی تەکنەلۆژی بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو بەرزە.

پ: چەند بەرزە؟

و: ۱۰ بلیارد یۆرۆ. ئەوە نرخەکەیە. مرۆڤ وا بە خێرایی وازناهێنێ.

پ: کێ لە پێشبڕکێدایە لەپێناوی Super- Intelligenz ؟ لە کۆمپانیا گەورەکان : Google,Microsoft, Meta؟

و: لە ئێستادا ئەوە ڕاستە، هەروەها لە چین چەند کۆمپانیایەک دەستیان دەگاتە ئەو کەرەسە و سەرچاوانە Ressourcenپێویستن. بەڵام پێدەچێ وا نەمێنێتەوە. کۆمپانیاکان پێویستیان بە داتایەکی بێ شومار و لە ژمارە نەهاتوو هەیە ، لەبەرئەوەی ئالگۆریزمەکان گەمژەن.

مرۆڤ پێویستی بە خوێندنەوەی ۸۰ ملیۆن کتێب نییە بۆئەوەی بتوانی بئاخفێ و گفتوگۆ بکات. منداڵێ پێویستی بە بینینی ملیۆنێ گرافیتی نییە، بۆئەوەی بزانی گرافیتی چۆن دیارە. مرۆڤێک پێویستی بە ۲۰ وات هەیە. کۆمپیوتەرێک پێویستی ملیۆنێ جار وزە و هێزی زیاترە . پێویستیان بە ملیۆنەها جار داتای زیاترە تا توانا و لێوەشاوەیی ئاسایی مرۆڤیان لە شارەزایی و لێوەشاوەیی Skills بەدەست بهێنن.

پ: لێکۆڵەرەوان هۆشداری دەدەن لەبەردەم پروپاگەندە و زانیاری هەڵە desinformation لە ڕێگای زیرەکی دەستکردەوە، لەدژی ئەوەی کە شکستەکەی فەیسبووک هیچ نییە.

و: ئەو ئالگوریزمانەی لەناو تۆڕی کۆمەڵایەتییەکاندا هەڵدەبژێرن، ئەوەی کە ملیۆنان کەس ڕۆژانە سەیری دەکەن، کۆنترۆڵێکی چڕیان لەسەر مرۆڤایەتی هەیە و سەرلەبەر بە ناڕێکخراوەیی. ئەم ئالگۆریزمانە فێربوون زانیاری ناڕاست و نادروست desinformation کە لەلایەن خەڵکەوە بڵاو دەکرێتەوە، هێشتا زیاتر دەکات .. بەتایبەتی ئەو زانیارییە نادروستانە کە جەخت لەسەر پێگەی سیاسی مرۆڤەکانە پشتڕاست دەکاتەوە. زیرەکی دەستکرد دەزانێ: ئەگەر من بەمە خۆراکی مرۆڤەکان بدەم کرتەی لەسەر دەکەن. ئەم ئامانجە بەشێوەیەکی جوان و سەرسووڕهێنەر پەیوەستن بەو قازانجانەی کە پلاتفۆڕمێکی کۆمەڵایەتی لەڕێگای ڕێکلامەوە دروستی دەکات...

پ: پلاتفۆڕمەکان -Facebook, Instagram, Twitter- :سوود و قازانج لە زانیاری نادروست دەکەن ؟

و: ئەمە ئامانجی بنچینەیی کۆمپانیاکان نەبوو. ئەوان تەنیا ئەو ئامانجەیان دەرکردووە: ئێمە دەمانەوێ بەشداریکردنی شکۆمەند بکەین.لەوێدا کە ئالگوریزم مرۆڤ لە خشتە دەبات، دەبێتە هۆی جەمسەربەندی.. کەسێک گەر توزێ چەپ بوو بێت خزێندرایە گۆشەیەکەی چەپی پەرگیرەوە..ئەوانەشی کەمێک راستڕەوبوون ، ترنجدرێندرانە لای فاشیزمی نوێوە. بۆ ئەمەش بەڵگەی ئەزموونی هەیە.

پ: پێویستمان بە جۆرە شتێکی چاودێریکردنی هەیە بۆ زیرەکی دەستکرد؟.
و: بەڵێ نووسەری دادگا لەلایەن حکومەتەوە مۆڵەتیان پێدەدرێ. لە لای بیمە خاوەن کۆمپانیاکە ئەوە دەکەن.ئەگەر مەسەلەکە بریتی بێت لە پارچە زەوییەک ، حکومەت کاروباری تۆمارکردن بەڕێوە دەبات. بۆچی ئێمە متمانەمان بە داوودەرمان هەیە؟ چونکە دەزگەیەکی ڕێگەپێدان هەیە کە سلامەتی دەرمانەکە زامن دەکات و لای توڕە کۆمەلایەتییەکان سیستەم شکستی هێنا.

پ: ئەی چی دەڵێن لەسەر چەکی ئۆتۆماتیکی ، کە بە زیرەکی دەستکرد کاریان پێ بکرێ؟
و: بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لەچەکدا بەو شێوە کار دەکات ، ئامانجی مرۆیی بدۆزێتەوە و دیاری و دەستنیشانی بکات و بیکوژێ. کێشە ڕاستەقینەکەیە ئەوەیە : هەرکات چەک بتوانێ فەرمانی دیاریکراو بێ سەرپەرشتی مرۆڤ جێبەجێ بکات مرۆ دەتوانێ ١٠ چەک یان ١٠٠٠ چەک یاخود ١٠ملیۆن چەک بەکار بهێنێ. ئەم چەکە فۆل ئۆتۆماتیکانە دەبنە چەکی کۆمەڵکوژ. یەک کەس دەتوانێ پەنجە بە دوگمەیەکدا بنێ ئەوەندە چەک کارپێبکات کە تەواوی وڵاتێک وێران بکات.

پ: مرۆ ئەوە چۆن ڕامان بکات؟ هەرکەس بتوانێ دەستی بەم چەکە بگات؟.
و: ئەم چەکانە بە ئاسانی دروست دەکرێن، ئاسانتر لە دروستکردنی ئۆتۆمبێلێک خۆت لێی خوری. دەتوانرێ بە بری زۆر بەرهەم بهێنرێ و لە سوپەرمارکتەکان بفرۆشرێن، هەرکەس پارەی تەواوی پێ بێت بتوانێ بیکرێت. هۆکارێک هەیە، بۆ ئێمە چەکی ئەتۆمی لەسوپەرمارکتەکان نافرۆشین تەنانەت لە ئەمەریکاش نییە. دروستکردنی چەکی کۆمەڵکوژی هەرزان ، کە بەئاسانی بەدەست بهێنرێ، بیرۆکەیەکی ترسناکە.

پ: لە ئۆکراینا زیرەکی دەستکرد بە ئامانجی وردی کوشتن بەکاردەهێنرێت.
و: مرۆ لە ئۆکراینا شەڕێکی ڕاستەقینە دەبینێ ، کە زۆر بە خێرایی هەموو بەربەستەکان تێکدەشکێنێ. لە ئۆکراینا تەکنەلۆژی- درۆنەکان، بەردانەوەی بۆمباکان- بەهۆی ئامێری هانی هانییە، شیواندنی پەخش زۆر کاریگەر نین چونکە درۆنەکان بە ئاماژەی ڕادیۆیی/ زیگنال کار دەکەن.. لایەنی شەڕ ناچاری ئەوە دەکات، چەکی ئۆتۆماتیکی بەکاربهێنن. ئەمەش کێشەیەکە. ئیدی لەنێوەند و گۆڕەپانی شەڕدا ، ڕاستییە نوێیەکان بەم شێوەیە دەخولقێندرێن..

پ: ئێوە سەردەمی زیرەکی دەستکردتان بە شیمانەی سەردەمی زێرینی مرۆڤایەتی ناوزەد کرد..زیرەکی دەستکرد دەتوانێ کێشە چارەسەر بکات وەک گۆڕانی کەشوهەوا، برسێتی و وشکبوونی زەویی..
و: تەواوی ئەو شتە ئالۆزە، ئێمە دەبوایە بیرمان لێیکردایەتەوە، دەمانەوێ بە زیرەکی دەستکرد چ بدەین بۆی هەتە کامە کار بکات؟.. نەوەکانی ئایندەمان ڕووبەڕووی ئەو گرفتە دەبنەوە، کەچی تر پێویستیان بەوە نەبێت کار بکەن. ، بێگومان ئێستا خەڵک وا بیر دەکەنەوە ئەمە شتێکی دڵخۆشکەر و عەنتیکەیە. بەڵام ئەگەر چیتر ناچارییەکی ئابووری نەبێت، هەوڵی خوێندن و فێربوونێکی باش بدەیت، ئەوە پاشان هەموو بێ خوێندن و فێربوون دەمێننەوە.. ئەمەش ژیانێکی پڕ لە خۆشی سەخت و دژوار دەکات! ئەوسا

هەموو دەبینە قوربانی ئالوودەبوون ، بەدرێژایی ڕۆژ هەر خەریکی یاریکردن دەبین بە یاریی ڤیدیۆ Videogames؟..

پ: ئێمە دەتوانین هەر خەریکی کتێب خوێندنەوە بین ، وەرزش بکەین، گەشت بکەین.
و:من لە Science- Fiction- Literatur بەدوای ئەم شێوە سیناریۆیەدا بێ سوود لە دوای گەڕام، ، بەدوای ئایندەیەکدا کە تێیدا زیرەکی دەستکرد هەموو شتێ بکەن و ئێمەش حاڵمان باش بێت. لە Star Trekهەرکەس دەیەوێ لە Starfleet بێت، لەبەرئەوەی لەوێ ئاڵنگاریی هەیە. مرۆڤەکان بەدوای ئاڵنگارییەوەن و دەیانەوێ جیهان بگۆڕن. ئێمە هێشتا زۆرمان لەبەردەمدا ماوە، بۆئەوەی تێ بگەین،ئاینده و داهاتوو چ دەبێت..

پ: لەو نێوەندەدا ژمارەیەکی زۆری بێ ئێش دروست دەبێت.
و: تەنانەت گەر بێت ئێمە خۆمان پلانێکی ڕاگوزەرمان هەبێت، تێکەڵوپێکەڵی و خواروخێچی زۆری تێدا دروست دەبێت. زۆر لە کار و پیشەکان ڕۆژگاریان بەسەر دەچێ Obsolete و زۆر بەم زوانە. وەڵامی ئێوە بەم شێوەیە: کەوا ئێمە زۆرتر ئەندازیاری ڕۆبۆرتی یان پسپۆڕ و زانستکاری داتایی ساز دەین، بەڵام جیهان پێویستی بە ٢,٥ ملیارد لەمانە نییە.

پ: کێشەی گەورە وەک هەندێ پسپۆر دەڵێن ، Super -Intelligenceە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بتوانن بیر لە خۆیان بکەنەوە و بیانەوێ مرۆڤ لە ناوبەرن .

و: ئەوە خەم و پەرۆشەکەیە، ئەگەر تۆ شتێکی وا بەدەسەڵات دروست بکەیت وەک Super - Intelligenceزەحمەت دەبێ، بەردەوام دەسەڵاتت بەسەریدا هەبێت، لێ کتومت دەبێت ئێمە ئەمە مسۆگەر بکەین. مرۆ دەبێ بیخاتە سەرباری هاوئاهەنگ بن لەگەڵ ئەوەی کە مرۆڤ دەیخوازێ.. دەنا وەکوو تر ئەوە یاری شەترەنجە. ڕۆبۆرتەکان ئامانجیان هەیە، کە مرۆڤ نایخوازێ، بەڵام ئەوان دەسەڵاتیان زیاترە و بەم شێوەیە مرۆڤ کۆنترۆڵ لەدەست دەدات..

پ: کەواتە چارەسەر چییە؟

و: چارەسەر ئەوەیە: دەبێت تەنیا یەک ئامانج لە زیرەکی دەستکرد هەبێت: ئەویش یارمەتیدانی مرۆڤ بۆ سازدانی ئایندەیەکی باشتر، ئەوەی هەموو دەمانەوێ. ئەوە بەدروستی چییە، مەکینەکە ئەوە نازانێ. بەس تەنیا ئەوە دەزانێ کە مرۆڤ پێی باشە تەندروست بژی ، زامن و بە بەختەوەریی. پێویستە ئەم هاندەرەی زیرەکی دەستکرد هەبێت، بەردەوام بە پارێز و وریاییەوە کاری پێ بکەین؟؟؟؟ چارەسەری کێشەی پێ بکرێ، بێ ئەوەی زۆر شاڵاو بەرێ . ئەگەر ئێمە حەزمان لە شتێک نەبوو، بکوژێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوە نایەوێ شتێ بکات کە ئێمە حەزمان لێی نەبێت.

پ: ئێوە چەند گەشبینن، کە دەتوانرێ ئەوە بکرێ ؟

و:من تا ڕادەیەک گەشبینم ، ڕەنگە ئەوەش پەیوەندی بە کەسایەتی خۆمەوە بێت، ئێستا پەرەسەندنی زیرەکی دەستکرد بە خێراییی لەگەڕدایە. توێژینەوەکان وەک پێویست و بە پەرۆش و ڕژدەوە ترس و مەترسییەکان وەرناگرن. بەڵام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کە تەماشای ئاکامەکان دەکەیت ، تێدەگەیت کەوا خەڵک داوا دەکەن پێویستە ئێمە ڕێ و ڕێچکەیەکی تر بگرینە بەر. ئەمەش تا بێت زیاتر دەبێت. من پێم باشترە ئەگەر بێت و هەر لەسەرەتاوە بەبێ ئەو زیانە گەورەیە بڕوات، کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەیبینین و ئەزموونمان کردووە . دەنا وەکو تر ئەو زیانە گەڕانەوەی تێدا نییە، دەکرێ ئێمە کۆنترۆڵ لەدەست بدەین.

سەرچاوە: گۆڤاری شتێرن ژمارە ١٢ ی رۆژی ١٦ ی ئاداری ٢٠٢٣

چاوپێکەوتن لەگەڵ Richard Socher ڕۆژنامەی دێر تاگەسشپیگل رۆژی ٣/٢/٢٠٢٣ ناوبراو ئەڵمانە و بە یەکێ لە پێنج ئەقڵە گەورەکەی ئەم بوارە دادەنرێ..

وەک دووەم زمانی بێگانە، دەبێت منداڵان Python فێربن...

پ: بەڕێز Socher هەموو قسە لەسەر زمانی- زیرەکی دەستکردی ChatGPT دەکەن، ئێوەش وەک زۆر لە پسپۆڕ و شارەزاکان چاوەڕوانی کاریگەرێتییەکان دەکەن وەک ئەوەی لە ٢٠٠٧دا، iPhone کردی؟.

و: کارکردن لەسەر زمان لە ساڵانی ڕابردوودا هەنگاوی گەورەی بەرەو پێش ناوە ChatGPT .ئەم پەرەسەندنەی خستە ئاستێکی نوێ ترەوە . ئێستا ئێوە تێگەیشتن. زۆری ئەم هەنگاوەش زیرەکی دەستکرد بۆی نزیک کردوویەنەتەوە ، بزانە چەند دەتوانێ. توانای ئەم AI چیتر ڕێگە نادات بە بچووک و کەم تەماشا بکرێ و زۆر بەرهەم و کارکردنیش دەگۆڕێ.

پ: ئێوە وەک یەکێ لە ئەندازیارە/ ئینفۆرماتیکە سەرکەوتووەکانی ئەڵمان بنچینەی ئەم زمانی مەکینەیە داناوە، تەکنەلۆژیا بەر لەهەر شتێ لە کوێدا کاریگەری دەبێت؟.

و: دیارترینی مەکینەی گەڕانە. لەبەرئەوە ئێمە لە Start- up ەکەمان کاری لەسەر دەکەین. ئەگەر کارێک لەگەڵ زماندا پێوەندی هەبێت، ئەگەر هەیە گۆڕانی بەسەردا بێت. هەمیشە گەر مرۆ ئارەزوو بکات Brainstorming و بیرۆکەی سەرنجراکێش پەرەپێ بدات، زیرەکی دەستکرد دەتوانێ هاوکارێکی باش بێت، بۆ نموونە لە .Werbeslogans و دەتوانێ ئیمێلی قورس و ئاڵۆز بنووسێ.

پ: مۆدێلی دارشتنی تێکستی باش خۆشە، بەڵام پڕ لەزانیاری هەڵە ، لە ئیمێلی بازرگانی/ بیسنیزدا بەخێرایی ئەمە دەبێتە کیشە؟.

و: بەهەموو حاڵەتێک ، یەکەم ئایفۆنیش هێندە توانا و لێوەشاوەیی نەبوو. جاران کەسانی بەناوبانگی وەک Steve Ballmerی مایکرۆسۆڤت وتی: بەمە - ئایڤۆن!- هەرگیز ناتوانین ئیمێلێک بنووسین، چونکە تەختەکلیلی Keyboardراستەقینەی نییە. سەبارەت بە زیرەکی دەستکردیش مرۆ دەتوانین بڵێ هەمووی schnulltو کێشە زۆر دروست دەکات.. یاخود مرۆ بەدوای چارەسەردا دەگەڕێ و زیرەکی دەستکرد باشتر و باشتر دەکات.. بەدروستی ئێمە لە YouChat ئەوە دەکەین لە کاری چاتی.You.com

پ: چۆن دەتانەوێ لەلای مەکینەی گەڕان، ڕێگری بکەن لە وەڵامی هەڵەی زیرەکی دەستکرد ؟
و: ئەوە یەکێکە لەکێشە سەرەکییەکان لە ChatGPTئەوەیش، مرۆ نازانێ زانیاری لە کوێوە دێ و ئایا ڕاست و دروستن YouChat .بەردەوام سەرچاوەی هەیە و مرۆ دەتوانێ خۆی بیخوێنێتەوە. لە لای چات گیپیتی زانیارییەکان لە ٢٠٢١ کۆتایی دێ. ئێمەش بە ئینتەرنێتەوە گرێ دراوین. بۆنموونە دەتوانین وەڵام بدەینەوە، کێ ساڵی ڕابردوو جامی جیهانی بردەوە.

پ: مرۆ پرسیار لە YanChat دەکات: ئیمرۆ ئەنگێلا مێرکل چی دەکات ، وەڵامەکە دەڵێ: ڕاوێژکارە لای .McKinsey ئەم جۆرە Fake News لە فیلتەر دەدرێ؟.
و: ڕەنگە ناوی ئەنگێلایەکی تری دۆزیبێتەوە و لێی تێکەڵ بێت. جگەلەوەش هیچ zitirung لەگەڵ نەبوو. ئەگەر دوای زانیارییەک دوو تا سێ زیتیرون هەبێت ، ئەگەر زۆرە کەوا وەڵامەکە ڕاست بێت.

ئەگەر نا مرۆ دەبێ وریا بێت و مەکینەکانی تری گەڕان بەکاربهێنێ. لێ گەڕان بەدوای کەسەکان دا لە ئێستادا یەکێ لە خراپترین مەوداکانی بەکارهێنان لەلایەن مۆدێلی زمانەوە. لای فاکتگەلێکی نزیک لەمە هەندێ کێشە هەیە، بەڵام ئێمە بەزووترین کات چارەسەریان دەکەین.. ئێمە بیرۆکەی زۆرمان هەیە، بەشێکی implementieren لە هەفتە و مانگی داهاتوو بیهێنینە دەرەوە.

پ: مایکرۆسۆفت دەیەوێ چات گیپیتی لە گەڕانی بینگ Bing- Suche ببەستێ و دانێ.. گوگڵەش لەڕێی تەکنەلۆژییەوە هەیەتی.. ئایا بەمزوانە وەڵامی گشتی هەیە، لەبری لیستی لینکەکان؟..
و: پێموایە لە شەش مانگی داهاتوودا گەڕانی ناوەکی زۆر بەجیاواز دەردەکەوێت لەوەی ٢٠ساڵی ڕابردوو.. زۆر Copycats لە فونکسیۆن هەبێت؟؟؟؟ ئەوسا جارێکی تر ئێمە دەبینە خاوەنی توانای زیاتریش. ڕەنگە لای مەکینەی گەڕانی گەورە مەسەلەکەی وا بەخێرایی نەبێت.. کە پارەیەکی زۆر لەڕێی ڕێکلامەوە بەدەست بهێنن.. گۆڕان بۆ ئەوان زۆر سەختە. سەرەتا لای گوگڵ ٤ و هەندێ جار ٦ جێگای ڕێکلام هەبووە. ئەگەر مرۆ جێی هەموو ئەمانە بە زیرەکی دەستکرد پڕ بکاتەوە، پێویستە دەیان هەزار کەس لە کار دەرکەن کە مووچەکەیان لەداهاتی ڕێکلامەوە دەدرێت. بۆیە ئەوان لەوێدا گیریانخواردووە .




پ: باشە ئایا Yon.com چۆن دەیەوێ لە ئایندەدا پارە قازانج بکات؟

و: وەک هەر کۆمپانیایەکی تری گەورەی ئینتەرنێت، فۆکۆسی خۆمان لەسەر گەورەبوون گەشە لەبری داهات . ئێمە دەتوانین ئەم لوکسوسە بگرینە ئەستۆ ، لەبەرئەوەی ئێمە سەرمایەیەکی زۆری سەرمایەگوزارەکانمان هەیە.. بۆ ئایندە کردنی جۆرە ڕێکلامێک بە دوور نابینم، بەڵام بەڵێن دەدەم کەوا ئێمە ڕێکلامە بەئامانجکراوەکان targeted advertising ناکەین، لەوێدا کە پیکسلەکان Pixel لە هەموو شوێنێکی ئینتەرنێت شوێنت دەکەون و ڕێکلامەکە تەواو بەتایبەتی لەسەر تۆیە.

پ: یەکێتی ئەورووپا دەخوازێ زیرەکی دەستکرد بە یاساورێسایەکی گشتگر و فراوان ڕیک بخات.. ئەمە چ ئاکامێکی لەسەر مۆدێلی زمان دەبێت و بە شێوەیەکی گشتی چەند مانادارە؟
و: بەگشتی ڕێکخستنی زیرەکی دەستکرد بێ مانایە بەڵام بۆ هەندێ بەکارهێنان زۆر یارمەتی دەرە. بێگومان مرۆ ناتوانێ ڕۆبۆرت بۆ نەشتەگەری بەکار بهێنێ، لە پزیشکیدا هەروەها لە ئەمەریکاش هەمووی لە پێشەوە کۆنترۆڵ دەکرێ. بەڵام هیوادارم لە بواری دیکەدا ، هێندە یاساورێسای ڕێکخستن نەبێت، بەڕاستی و بەتایبەت پێش ئەوەی مرۆ بزانێ ئایا ئەوە دەبێ و چۆن دەبێت.!
پ: ئێوە بیر لە چی دەکەنەوە؟

و: گشتگیرکردنی وێنەکە، ئێمە کاروئەرکێکمان/ فونکسیۆنێکمان هەیە، بۆئەوەی بەنموونە وێنەی ساوایەک لە خۆ هەڵدانە خوارەوە بەپەرەشووت بە ستایلی ڤان گۆخ یان ماتیسە گشتگیر بکەین، بێگومان هەروەها لەو هونەرمەندانەی کە لەو چرکەساتەکاندا دەژین. وێنەکێشەکان ئێستا لەسەر بەربەستەکانن . ئەوە مەسەلەیەکی تەواو سەختی ڕەوشتی، فەلسەفی و یاساییە . دەبێت تۆ ڕێگری لە تەکنەلۆژی بکەیت بۆئەوەی وێنەکێشەکان کارەکەیان بمێنێ؟ ئەوسا دەبێت ڕێگری لە ئۆتۆمبێلیش بکرێ، بۆئەوەی عەرەبانچی کارەکەی لەدەست نەدات...

پ: ئەمە لێرەدا زیاتر دەربارەی کێشەکانی مافی لەبەرگرتنەوەیە؟..
و: بەڵێ بەڵام هونەرمەندان هەمیشە ئیلهامیان لە هونەرمەندانی تر وەرگرتووە، لەبەرئەوە ئێمە Impressionismus، بەرانبەر Expressionismus هەبووە و لە قۆناخی تریش تا ئەوکاتەی هەموو بەجارێ بە شیوەوشێوازێکی نوێ وێنە دەکەن.

هەروەها ڤان کۆخ سکاڵای دژی هەمووان نەکرد ، لەبەرئەوەی ئەوانیش بەم شێوەیە وێنەیان کێشاوە.. ئەوە سەرباری ئەوانەش پرسیاری قورسن. هەرچۆنێ بێت مرۆ دەتوانێ ئێستا هەمووی ڕێکبخات ، یاخود سەرەتا تەماشا دەکات چی ڕوو دەدات ئەوسا دەتوانێ هەرکێ بێت بڵێ، کۆپی رایت نوێ بکاتەوە . Copyright updaten..

ئەز هیوادارم ئەوروپا وا بەخێرایی هەموو شتێک خراپ نەکات، پێش ئەوەی بتوانێ ئەم داهێنانە گەشە پێ بدات. بەڵێ شوێن هەیە کە ڕێکخستنی تەواو مانادارە و یارمەتی ئێمەش دەدات.

پ: پێویستە سیاسەتمەداران چی بکەن، بۆئەوەی ئەڵمانیا گەیشتنی/ هاتنە ڕیزی ئەڵمانیا بە تەکنەلۆژی لەدەست نەدات؟.

و: پێویستە زمانی پرۆگرامکراو/ لغةالبرمجة بکاتە مادە یاخود بابەتی خوێندنی ناچاری و ئەمە گرنگترە لە فێربوونی زمانی بێگانەی دووەم. - لە سیستەمی خوێندنی ئەڵمانیادا لەدوای زمانی دایک فێربوونی زمانێکی تری سەرەکی بە زمانی دووەم ناودەبرێ . و- دوای فێربوونی یەکەم زمانی بێگانە، دەبێت منداڵان زمانی پرۆگرامکردن Python فێربن لەبری زمانی لاتینی.

پ: لەبەرئەوەی زیرەکی دەستکرد تا بێت باشتر دەبێت لە ئایندەدا هەروەها مۆبایل هەموو شتێ وەردەگێرێ؟
و: مرۆ لە ئێستادا دەتوانێ دەستبەجێ بە مۆبایل کارتی لیستی خواردنەکان لە ریستەورانتەکان وەربگێرێ. ئەم تەکنەلۆژییە من و هاوڕێیەکم کردمان و فرۆشتمان بە گوگل. هەروەها فێربوونی زمانێک بە باشی پێویستی بەکاتێکی زۆر و زەحمەتێکی گەورەیە و مرۆڤایەتیش هێندە ناباتە پێشەوە.. من خۆم لەکاتی خوێندنەکەمدا ساڵێک لە فەرەنسا ژیام، ویستم بۆ ماستەرەکەم لەپاڵ ئینگلیزی و فەرەنسیدا، چینی فێر بم.. لەگەڵ ئەوەشدا هەر حەزم چووە کاری مەکینە و بیرم کردەوە ئەگەر بێت و زۆر باش بم کارکردن لەسەر زمان فراوانتر گەشەپێ بدەم . ئەمە کاریگەری زیاتر دەبێت لەسەر جیهان ، لەوەی من پێنج زمانی تر فێر ببم. لەراستیشدا و واقعیشدا ئێستا زۆر کەس بەهۆی ئەو بیرۆکەیەی منەوە لەناو باشترین پرۆگرامی وەرگێرانی جیهان دان.

پ: چی تر پێویستە لە قوتابخانەکان بگۆڕێن، بۆئەوەی منداڵان لە جیهانی ئایندە بە زیرەکی دەستکردەوە ئامادە بکرێن؟

و: سیناریۆ هەیە، لە ٢٠-٥٠ ساڵی داهاتوودا زیرەکی دەستکرد هێندە باش دەبێت، کە مرۆ بتوانێ بێ زەحمەتێکی زۆر، پێداویستییە مرۆییەکانی جێبەجێ بکات. مەکینەکان کارەکان دەکەن، کشتوکاڵ بەنێزیکی بە ئۆتۆماتیکی دەبێت و دەتوانرێ خانوو دروست بکرێ، ئەگەر پێویست بێت. ئەودەم کێشە و قەیرانێکی ئەقڵی ؟؟؟ گەورە بۆ مرۆڤ دەبێت، چونکە زۆر کەس لەسەر کارەکەی دێتە دیاریکردن/ پێناسەکردن . لەبەر ئەوە گرنگە منداڵان خۆیان لە قوتابخانە داهێنەرانە و پاڵنەری خودی فێربکرێن و رابهێنرێن، بۆئەوەی حەزکەن شتێ بدۆزنەوە و دابهێنن، فێربن پێناسەی کێشە نوێکان بکەن ، لەبری ئەوەی بەشێوەیەکی کارا پرۆگرامەکانی ئێستا چارەسەر بکەن.

پ: گۆڕانگاری بەزۆری کام کار/ پیشە دەگرێتەوە و کامە کارکردن کەمتر؟
و: ئەگەر داتای راهێنانی تەواو لەبەردەستدا بێت، دەتوانێ تیشکگرتن/رادیۆلۆگی Radiologie بەشێکی گەورەی ئۆتۆماتیزە بکرێ. ئێستا هەوڵ و تێکۆشانی زۆر بۆ خوێندنی ئەمە دەدرێ، لێ لە ئایندەدا رادیۆلۆگی زۆر پێویست نییە.. بەهەمان شێوە لای وێنەکێشەکان Illustratoren و وەرگێڕانیش وایە. بەرانبەر بەمە زۆر زەحمەت دەبێت کاری پاککردنەوە ئۆتۆماتیزە بکرێ لەبەرئەوەی نەخشەی هەر ماڵێک بەشێوەیەکی جیاوازترە، جگەلەوەی کارەکە هەندێ فیزیکییە و دەبێت مرۆ داتایەکی یەکجار بێشومار پێکەوە رێک بخات پێکەوە کۆیان بکاتەوە، بۆئەوەی بۆنموونە رۆبۆرتێک بتوانێ لە هەموو ماڵێکدا کاری خۆی بکات، ئەوە زەحمەتە - واتە ژوور و هۆڵ و ڕاڕەوەکان پێچووپەنای جیاوازیان تێدایە نەخشەی ستانداردی خانوو نییە .و-

پ: لەوانەیە دۆخەکە هاوشێوەی ئەوە بێت لە نەخۆشخانەکان و لە خانەی چاودێری و سەرپەرشتکاری بە ساڵاچواندا، کە بەڕاستی ئێستا کەمی کارمەندی/ ستاف هەیە؟

و: بەڵێ هەرچەندە رۆبۆتەکان لە ڕووی کولتوورییەوە بەشێوەیەکی تەواو جیاواز گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ . بەم شێوەیە زۆری پێناسەی لە مێژووی فیلمەوە دەکرێ. لە ئەڵمانیا و ئەمەریکا یەکەم پەیوەندی Assoziationبەزۆری کۆتاییهێنان .؟؟؟؟

لە ژاپۆن بەپێچەوانەوە زۆر بیر لەوە دەکرێتەوە رۆبۆت یارمەتی ئێمە دەدات..زیاتر لەماڵەوە بژین و لە فیلمی ژاپۆنیدا بەردەوام رۆبۆرت هەیە.. سەرباری ئەوەش ڕەنگە مرۆڤێکی بەتەمەن بخوازێ مێژووی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە وەک لە رۆبۆرتێک.

پ: ساتەوەختێ دێ مرۆ بتوانێ لەگەڵ سیستەمی زیرەکی دەستکرد وەک لەگەڵ مرۆڤدا قسە بکات؟
و: ئەگەر مرۆ حەز بکات دەتوانێ ئێستا باوەڕ بکات، بەڵام پێویستە مرۆڤ تەنیا پرسیاری دروست بکات. لەبەرئەوەی لە ئێستادا ئەم جۆرە مۆدیلە هێشتا داخوازییەکی زۆری لەسەرە، بۆ پشتڕاکردنەوەی بەکارهێنەر، لەبری ڕەتکردنەوە و دژایەتی. چات گیپیتی و یووچات ئێستا زۆر زۆر باشن لەگەڵ زمانی قسەکەران بەئاسانی گرێ دەدات..

پ: بابڵێین کۆمپیوتەر دەتوانێ وەک لە فیلمی (Her ) دایە تەنانەت حەز لە مرۆڤ بکات و ئەمەش بێتە هەقیقەت؟.
و: بۆئەوەی سیستەمێکی وەک ئەوەی Her دروست بکەین، یادەوەرییەکی درێژخایەن نییە؟؟؟ مەبەستم لەمە ئەوە نییە، یادگەی جیهانی سەرلەبەری ئینتەرنێت، بەڵکوو لەوەی بەدروستی ئەو کەسەی هەموو رۆژێ قسە لەگەڵ زیرەکی دەستکرد دەکات..

مرۆڤ دەتوانێ هەموو ئەمانە بە ئاسانی عەمبار بکات/ سەیف . بەڵام بەشێوەیەک گرێی بدات، کە تۆڕی دەمار Neuronale بتوانێ ئەمە لۆژیکانە تێکەڵ و ڕێک بخات بەجۆرێ لە جۆرەکان هێشتا زەحمەتە.

لای هەموو چاتبۆتەکان بەم شێوەیەیە: ئەگەر مرۆ درێژداڕی بکات لەگەڵیان دا، هەر کاتێک بێت ئەوان لەبیریان دەچێت لەسەرەتادا چییان پێ وتراوە.

پ: ئایا ئەمە بە ئاسانی بە یادەوری و هێزی هەژماردن چارەسەر دەکرێت؟
و: بەڵێ و نەخێر، کێشەی سەرەکی ئەوەیە لە هەنووکەدا زۆری ئەم مۆدێلانە لە چوارگۆشەی ئالۆزییەکانی Input دا گیریانخواردووە/ هەڵواسراون ئەوە مانای ئەوەیە کە دووهێندە و سێ هێندە قورسترە چەند Input درێژتر بێت . بۆئەوەی هەزاران هێندە ئینپوت کاری تێدا بکرێ.. پێویست بە سەرکەوتنە بۆ هەزاران لە چوارگۆشەدا واتە یەک ملیۆن . بەم شێوەیە بەردەوام گەورەتر دەبێ.

پ: ئەوە چەند واقعییە سیناریۆکانی کۆتاییهێنەر Terminatorکە تێیدا زیرەکی دەستکرد زاڵ دەبێت ؟ یان لەکاتی هەوڵدان بۆ چارەسەکردنی کێشەکانی کەشوهەوا کاراترین ڕێگا لەناوبردنی مرۆڤ وەک ؟؟؟؟
و: ئەوە هەمووی بێمانایە ئەوە بەتەواوی ناواقعییە زیرەکێکی دەستکرد هێندە ژیرە، بەکردەوە بتوانێ تەواوی مرۆڤایەتی لەناوبەرێت.واتە هێندە ژیر نییە کێشەکە بەجۆرێکی تر چارەسەر بکات.. بێگومان کاتێ لە ٧٠ ندا پرسیار لە خەڵک دەکرا،ئەوانەی ئەو ئینتەرنێتەی ئیمڕۆیان داهێناوە، هیچ کام لەو پسپۆرانە نەیان دەتوانێ پێشوەخت بڵێن کەوا ئێمە دەبینە خاوەنی تۆڕی کۆمەڵایەتی و وڵاتانی تر بەکاری دەهێنێ بۆئەوەی رک و کینەی مرۆڤ بورووژێنین و دیموکراتی بخەنە گۆڕەوە... زۆر بەئاسایی ئێمە پێویستە ئەوە قبوڵ بکەین، ئیمڕۆ مرۆ چەند کەم دەتوانێ لە ئایندە بڕوانێ. ئیدی چ بە ئاڕاستەی باشدا بێت یان ئاڕاستەی خراپ دا. مرۆ پێویستە کەمێک ڕاهێنان لەسەر خاکەڕایی/ تواضع بکات..




چاوپێکەوتنی Bill Gates لەگەڵ رۆژنامەی Der Tagesspiegel سێشەممە ١٤/٢/٢٠٢٣

Sebastian Matthe

OBJ

پ: بەڕێز Gates ئێوە خۆتان خەریک کردووە بە گەورەترین هەڕەشەوە لەسەر مرۆڤایەتی لەتەک پەتا، برسێتی و کێشە و قەیرانی ژینگە، لێگەڕێ بە نیگایەک ئایندە لەسەر ئایندە دەستپێ بکەین: جیهان لە ١٠-١٥ ساڵی ئایندەدا چی بەسەر دێ؟...

و: ژیانی خەڵک باشتر دەبێت، ئێمە سەرکەوتنێکی گەورە لەشەڕی دژی شیرپەنجە دەبینین، مردنی منداڵان کەم دەبێتەوە و مرۆڤ زیاتر دەژی..

پ:زۆر هەن بەهیچ جۆرێک لەم رۆژگاری قەیرانە گەورانەدا بۆیان نییە دوای ئەو گەشبینیەی ئێوە بکەون.. ئێمە لە ئەورووپا لەشەڕداین، لە قەیرانی وزەداین ئاکامێکی گەورەی گۆڕانی کەشوهەوا دەبینین.
و: هەموو ئەمانە شکستهێنانی گەورەن جەنگ لە ئۆکراینا ترسناکە هەروەها لە ساڵانێ شاهاتوودا ئاکامە خراپەکانی قەیرانی ژینگە دەبینین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێ بتوانێ لەیەک کاتدا لەسەر کۆمەڵێ گرفت و کێشە کار بکات، بەک بەتەنیا یەک کێشە. پێموایە هێشتا بەردەوام باشتر دەبێت ئەگەر لە ١٠-٢٠ساڵی ئایندەدا لەدایک بیت تا ئێستا.. هۆکار بۆ ئەمە خێرایی پەرەسەند لەزۆر بواردا زیاد دەکات....

پ: بەهەموو گەشبینیەکەوە، بەبینی ئێوە ، چی گەورەترین مەترسییە بۆ ساڵانی ئایندە؟
و:بێ ئەوەی جێی سەرنج بێت لە هەنووکەدا تراژیدیایەکی گەورە لە وڵاتانی هەژار ی جیهان بەڕێوە دەچێ: بەهۆی جەنگەوە خواردەمەنی کەم دەبێتەوە، پەینی کیمیاوی کەرەسەی؟؟؟؟؟ ئامادەیی یارمەتیدان بەتایبەت بۆ وڵاتانی ئەفریقا زۆر کەمترە لەوەی پێش جەنگ.. ئەم هەواڵی خراپن ، چونکە دەستودڵی یارمەتیدانی ئەورووپا و ئەڵمانی زۆر گەورە بوو...

پ: وڵاتانی هەژار لەکاتی قەیرانەکاندا لەبیر دەکرێن؟.
و: بەڵی، ئێستا بەرایی Prioritäten /اولوية گۆڕاوە، من ئەوە تێدەگەم، نرخی وزە بەهای خۆچەکدارکردن، نرخی کۆچبەران: ئەورووپا دەبێت زاڵ بێت بەسەر زۆر شتدا تەواو بێدەنگی بەرانبەر تێچووی شەڕی دژە گۆڕانی ژینگە

پ: گۆڕینی سیستەمی وزە بە یەکێ لە پرۆژە گەورەکانی ئەورووپا دادەنرێت، ئەمەش بەدروستی یەکێکە لە بابەتە گەورەکانی ژیانتانە: کاتێ قوتابی بوون لە قوتابخانەی ئامادەیی سۆڤتوێرێکتان بۆ هەڵسوڕێنەرێکی تۆڕی وزە لە رۆژئاوای باکووری ئەمەریکا نووسی.. دواتر کتێبت لەسەر ئەم باسە بڵاوکردەوە و سەرمایەگوزاریت لە کۆمپانیای وزەدا کرد.. بە دیدف ئێوە قەیرانی وزە چ گۆڕانێکی لە ئەورووپا ؟ ئایا گۆڕانی وزە بەهۆی گەڕانەوەی Comebackخەڵوز و گازەوە لە مەترسیدایە؟
و: تێگەیشتن هەیە کەوا ئەورووپا دەیەوێ چراکان داگیرساو بن و خەڵک بەرەڵا ناکات ڕەق ببنەوە و دەیەوێ ئابووری بپارێزی لەسەر ڕەوتی خۆی بەردەوام بێت.
بەڵام بە تێڕوانین بۆ ١٠-٢٠ ساڵی تر، ئامانجەکانی شەڕی گۆڕینی کەشوهەوا/ ژینگە و سەلامەتی و مسۆگەری وزە دژ بەیەک نابن..

پ: مەبەستت لەمە چییە؟

تەماشای سۆلار یاخود دامەزراوی هەوایی بکە یان ڕاکێشانی هێڵی ئەلەتریکی/ کارەبایی: لەهەر یەکێ لە وڵاتانی ئەورووپاییدا وزەی شیاو بۆ خۆنوێکردنەوە بەهۆی ئافلاگەن و یاساوە بە هێواشی لەبری ئەوەی بگاتە ئامانجی ژینگەی .. شەڕی خەمبارانەی ئۆکراینا، ئەمە دەگۆڕێ . ئێستا ویستێکی بەهێز هەیە باری ڕاوەستاو/ الوضع الراهن بگۆڕن.

پ: حکومەتی ئەڵمانیا دەیەوێ ئەو وزەناوەکییانەی ماوێتی لەم رۆژانەدا لەناوبەرێ. ئەمە بڕیارێکی ژیرانەیە؟
و: وای دەبیم لێی گەڕێن بەردەوام بێت، هەم وزەیەکی پاک دەبەخشێ و هەمیش مسۆگەرە. پێویستە بڕیار حکومەت بیدات، کە بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژێردراوە، پرسیاری قورس روون بکاتەوە.

پ: ئەی پاشەڕۆکی ئەتۆمی؟

و: پاشەڕۆک نابێت هۆکارێک بێت ، وزەی ناوەکی بەکار نەهێنری. فەرەنسا ریاکتەر/ مفاعلی مۆدێرین دادەنەزرێنێ ، لەکاتێکدا ئەڵمانتا ئەمە ناکات.. هیوادارم ئەڵمانیا بۆ / لەگەڵ تەکنەلۆژی بمێنێتەوە..

پ: ئێمە دەبێت جارێکی تر بێینەوە سەر باسی پاشەڕۆکی ئەتۆمی، کە بۆ هەزاران دەبێتە سەرچاوەی قەرز/ رەهن تیشک و ڕووناکی بۆ نەوەکانی ئایندە ، ئەمە بە گرفت نابینن؟..

نەخێر.. مرۆ دەتوانێ پاشەڕۆک لە ناوچەی جیۆلۆجی گونجاو لە قوڵایی چاڵ دا بۆ سەدان ملیۆن ساڵ دانێ/ عەمبار بکەین. ئەگەر ئێمە قسە لەسەر کەڵەکەکردنی $CO_2$ بکەین، ئەوە لەسەر برێکی زەبەلاح دەدوێین.. بەڵام ئەگەر ئێمە ویستمان تەواوی ئەمەریکا بە وزەی ناوەکی دابین بکەین..ڕەنگە پاشەڕۆک چەند ژورێک تژی بکات.

وزەی ناوەکی لەبەر هۆکاری تر کێشەیە: لەڕووی ئابوورییەوە زۆر پارە نادات و گومان ددڵەڕاوکێ لەسەر سەلامەتی ریاکتۆری سەردەمی نەوەی سێیەمەوە هەیە . بۆیە پێویستە ئێمە ریاکتۆری نوێ دابمەزرێنین...

پ: لە ئێستا ڕۆڵی ئەوروپا لە کوێی بەرەنگاربوونەوەی دژی گۆڕانی کەشوهەوادا دەبینن؟.
و: لە هیچ شوێنێکی تری جیهاندا خواستی ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا هێندە بەهێزە. لەمەش باقی جیهان سوودی گەورە دەبینن USA.لەسەر خۆ وەدوو کەوتووە و ئەوروپا ڕابەرە..

پ: زۆر لە ئەوروپاییەکان هیوای کارێک دەکەن لە پیشەسازییەکی سەوزدا. ئێستا بەدیاریکراوی کۆمپانیای ئاسیاییەکان لە سۆلار و خانەکانی پاتری لە پێشن. بەراستی لە چ بوارێکدا ڕۆڵی سەرکرشایەتی ناوبراو دەبینن؟.

و: بۆ نموونە لە وزەی هەوادا ، چ لە گوند و دەرەوە . هەروەها نەوەیەکی تری خانەی باتری دێ و دامەزراوەی سۆلار دێتە بازەڕەوە، لەمەدا بەڵێندەرەکانی تەکنەلۆژی ئەوروپا چانسێکی زۆریان دەبێت.. دەشێ خولی یەکەم و دووەم چین بردبێتییەوە، ئێستا پێشبڕکێیەکە سەرلەنوێ کراوەیە. یاخود بیر بکەرەوە لە بەردەوامێتی پۆڵای بەرهەمهێنراو ، چیمەنتۆ، یاخود ئۆکسجینی سەوز ،هەموو ئەمانە بوارێکن کە بڕیاریان تێدا نادرێ، ئەوروپا دەروانێ رۆڵێکی گەورە بگێڕێ.

پ: ئێوە خۆتان دەڵێن، کەوا باوەڕ ناکەن ئێمە بتوانین ١,٥ پلەی ئامانجی لوتکەی کەشوهەوای پاریس ئەنجام بدەین و بەدەست بهێنین. جا کەوایە بەڕاست ئەم جۆرە کۆبوونەوە و بەیەک گەیشتنانە چ مانایەکییان هەیە؟
و: بێگومان ئێمە بەهۆی ئەرگی قورس و گرانەوە نەمان پەرژاوە بچینە پێشێ. بەڵام هەر گۆڕانێکی پلەیەکی وا بچوک گرنگە . لێ واباشە دیداری گەورە و فراوان هەر دوو بۆ سێ ساڵێک پێک بێت.. بۆ بەدەستهێنانی ئامانج ساڵێک کورتە.

پ: سەرەتای ئەم ساڵ بەهێزەکانی جیهان لە داڤۆس پێک گەیشتن، بۆئەوەی بیر لە ئایندە بکەنەوە.. لێرە قسە لەسەر ئاکامەکانی قەیرانی کەشوهەوا بکرێتەوە. بەڵام وا بە چڕی گفتوگۆ لەسەر سۆفتوێری ChatGPTی US-Start-ups ی کۆمپانیای OpenAI کرا کە بەیارمەتی زیرەکی دەستکرد تێکست، شیعر و تەنانەت کۆدی پرۆگرامیش دەتوانێ بنووسێ. میکرۆسۆفت ملیاردەهایەکی خستوتە ناو ئەم کۆمپانیایەوە. لەژێر ناوی ئیستای Tech- Apologeten ئەم فۆڕمەی زیرەکی دەستکرد هێندە گرنگە، وەک دۆزینەوەی ئەلەتریک/ کارەبا..ئایا ئەوان ڕاستن؟..

و: ئەوە شتێکی خۆشە کە ئەم سیستەمە ئێستا دەروانێ بخوێنێتەوە و بنووسێ.. لە زۆر ئەرک و فەرمانی ڕۆژانەدا هاوکارێکی گەورە و بێ وێنە دەبن. بەتایبەت لە بواری تەندروستی و خوێندن و فێربوون دا چاوەڕێی بەدەستهێنانی لێهاتوویی گەورە دەکەم . سەرباری ئەوەش تەکنەلۆجی هێشتا لەسەرەتادایە. پرۆگرامی زیرەکی دەستکرد هێشتا پێویستی بە هێزی ژمێریاری هەیە و هێشتا بەجۆرێک لە جۆرەکان هەڵەی زۆر دەکەن...!

پ:ئێوە وتتان گەشەسەندنی ChatGPTهێندە گرنگە وەک دۆزینەوەی ئینتەرنێت.

و: بەڵێ هەتا ئیستا زترەکی دەستکرد دەتوانێ بنووسێ و بخوێنێتەوە، بەڵام لە ناوەڕۆکەکەی تێناگات.پرۆگرامی نوێ وەک چات گیپیتی زۆر کاری نووسینگە کاراتر و لێهاتوو دەکات، چونکە لەبەرئەوەی ئەو یارمەتی دەدات، هەژمارد بکات یان نامە بنووسێ.. جیهانەکەمان دەگۆڕدرێ.!

پ: هەموو ئەمانە باشن. بەڵام ژیانی ڕۆژانە لەگەڵ زیرەکی دەستکردا ورياکەرەوەيە.. چات گیپیتی هەڵە دەکات سمارفۆنەکەم تێناگات. ئایا بەو خێراییە ئەم هەموو شتە دێت و ڕوودەدات؟...

و: ئەم پرۆگرامە بەڕەوانی دەتوانێ بخوێنێتەوە و بنووسێ. بێگومن هێشتا ساڵێکی تر دەخایەنێ تا هەڵەی پرۆگرامەکە دەسڕدرێتەوە لێ چ ڕێگایەک بۆ گەڕانەوە نییە. ئەو ملیاردەهای کراوە بە قورگی گەشەپێدانی ئەم سۆفتوێر و پرۆگرامانە و دیگیتالەکردنەدا گەورەتر و زیاترن لە بودجەی حکومەتەکان.

پ: پێش چەند ساڵێ هوشیاریتان داکەوا بەهۆی زیرەکی دەستکردەوە مرۆڤ لە لە ٢٠ ساڵی داهاتوو دەشێ کارەکەی لەدەستبدار، ئێستا بەوە گەتشتووین؟

و: هەتا ئێستا وا بیر دەکرایەوە کە ڕۆبۆرت پێش هەر کشسێ دەبێتە جێگرەوە کرێکاری کارخانەکان .. ئەم پەرەسەندە ڕوویداوە . بەڵام شتەکە بەجارێ وا دەردەکەوێ هەروەک ئەوەی زیرەکی دەستکرد لەمەدا هاوکاری بکات، کاری نووسینگە/ ئۆفیست بەشێوەیەکی زیاتر لێهاتووتر بکات.

پ: بەڵام هەر کاری نووسینگە ناگرێتەوە؟..

و: بێگومان نەخێر.. بەڵام سەرباری ئەوەش مامۆستای کەمترمان پێویست نابێت... تەکنیک تەنیا یارمەتیتان دەدات کارێکی باشتر بکەن. ئێمەی ژمارەیەکی کەمتر لە دکتۆرمان نابێت، بەڵام کاتێکی کەمتر بە کاغەز و کاغەزکارییەوە/ بیرۆکراتی بەسەر دەبەن..

پ: کەواتە بەهۆی چات گیپیتییەوە نابینە خاوەنی ملیۆنان بێ کار؟.. بە دیاریکراوی پێویستمان بە ژمارەیەکی کەمتری هێزی کار دەبێت، لەبەرئەوەی ئێستا دیکۆمێنتەکان خۆیان دەنووسن. هەروەها هەندێ کاروباری یاریدەرەکان/ ئاسیستەنێتەکان بەهۆی سۆفتوێرەوەئۆتۆماتیکە دەبن. بەڵام ئەوە وایە: بەهۆی پیربوونی کۆمەڵگە و قاتبوونی هەندێ هێزی کاری پسپۆڕەوە ، دەبێت ئێمە هێزی کار زیاتر لێهاتووتر بکەین.. لێرەدا زیرەکی دەستکرد ئاسانکاریی دەکات.. لە داهاتوویەکی نزیکدا پێویستمان ەوە دەبێت کەمتر کار بکەین..

پ: کەم کارکردن نرخی خۆی هەیە.. کێ ئەوە دەدات؟ پێش چەند ساڵێ باستان بزوێنەری رۆبۆرتێک کرد.

و:ئەوە ڕاستە سیستەمی باجدان بۆ ئەم جیهانە نوێیە دانەڕێژراوە. بۆئەوەی لەئاییندەدا ڕاکێشانێک بۆ کارکردن دروست بکەین، بۆنموونە دەتوانین باجی مووچە لابەرین..

پ: لەنێوان ئەمەریکا و چین دا هەرایەکی پێشبڕکێیە! بۆئەوەی باڵادەستی پێشوەخت بەدەست بهێنن. ئێوە کێ لە پێشەوە دەبینن؟

و: هەر وڵاتێ دەستی بەم تەکنەلۆژییە دەگات.ئەو کۆمپانیایانەی کە cloud- Rechenzentren بەڕێوە دەبەن دەستیان بە تەکنەلۆژیا دەگات لەبەرێەوەی پەیوەندی بە سیستەمی کراوەوە هەیە.. دەشێ کۆمپانیای زەبەلاحی ئەمەریکی، چینف یاخود ئەوروپایی بێت . مۆڵەت/ لیسێنز زۆر هەرزانە و بەم هۆیەشەوە مایکرۆسۆفت و گوگڵ بە تاکە کۆمپانیا نامێننەوە، هی تریش دێتە پێشەوە.

پ: بەم هۆیەوە وابەستەیی نوێ بۆ ئەوروپا سەر هەڵدەدات.هەر دەچەرێکی سیستەمی زیرەکی دەستکردی خۆی پێویستە؟

و: من پێشنیازی هیچ سیستەمێکی هەرێمی و ناوچەیی ناکەم. مرۆ دەبێ ستراتیژانە بتر بکاتەوە ئایا دەتوانم پشت بە سیستەمەکە ببەستم و لەسەر ئەوە دەست بگاتە ئەوەی دەمەوێ؟

پ: لێرە لە هیچ لایەکەوە/ ئاراستەیەکەوە ئاسایش نییە.

و: تاکە بەڕێکەری زیرەکی دەستکرد بەتەنیا نابێت، بەڵکوو بە دەوروبەرێک پێشبڕکێی تەنانەت ئەگەر خودی وڵاتە ئەوروپاییەکان بڕیار بدەن، بەهیچ جۆرێک داتاکان نابێت یەکێتی ئەوروپا بەجێبهێڵن «واتە لەم سنوورەدا بمێننەوە- و» بەهۆی کێبەرکێکانەوە ئۆڤەرێکی گونجاو بۆ ئەمە دەبێت.

پ: هەروەها گفتوگۆش رەهەندی ڕەوشتی / ئێتیکی هەیە، ئالگوریزم دەکرێتە بەرپرسی ئەوەی هەواڵی درۆ و زانیاری ناڕاست بڵاو دەکاتەوە . لێرەدا پێویستمان بە گفتوگۆی زیاتر چڕوپڕە دەربارەی زیرەکی دەستکرد پشت بە کام سیستەمی بەهادار ببەستێ.

و: من هێشتا لەژێر شۆکدام بەهۆی ئەوەی ئێمە ساڵی ڕابووردوو چیمان لەئەمەریکا بینی. من چاوەڕێ نەبووم مرۆڤ لە ئەمەریکا هێرش بەرێتە سەر کاپیتۆل و ئاکامی هەڵبژارد پەسەند نەکات.. ئەوانە مرۆڤ بوون ڕێگەیان دا ئەو کارە بکەن و ناکرێ خەتاکە بدەین بە زیرەکی دەستکرد.

پ: بە ڕژدی؟ بڕیاردان کام زانیاری یاری پێ دەکری، لە سۆسیال میدیادا یەخەی ئالگوریزم دەگرێتەوە.
و: میدیای دیگیتال بەرزترین کاریگەرییان هەیە ، کە تیۆری پیلانگێڕیConspiracy Theories زیرەکی دەستکرد دەتوانێ کتومت وەک مرۆڤ بێ مانایی بەرهەم بهێنێ.. چارەسەری سیاسی جەمسەرگیری لە تەکنەلۆژیدا نییە. ئێمەی مرۆڤ دەبێت چارەسەرەکە بدۆزینەوە...

پ:گەنگەشەکردن لەسەر ئەوەی چۆن پێویستە مرۆڤ زیرەکی دەستکرد ڕێک بخات، تازە دەستی پێکردووە. ئێستا لەکوێ ئەم گەنگەشەیەدان؟

و: نەوەی ئێمە لە زۆر ڕووەوە دیگیتالیزەکردنی پێش خستووە؟ بەڵام هێشتا بێ شومار پرسیاری چارەسەر نەکراو ماوە .

پ: لەم بارودۆخەدا کارێکی باش بوو Elon Musk تویتەری کڕی؟..
و: من نازانم ئایا ئەو ئیمڕۆ جارێکی تر تویتەر دەکڕێ. لێ ئەوە بڕیاردانێکی خۆیەتی ، چۆن دەیەوێ کاتی خۆی بەسەر ببات. لەو کاتەدا کەخۆی تەرخانی SpaceX & Tesla کرد سەرکەوتنێکی نائاسایی بەدەست هێنا.

پ: گەورەترین هەرای نێوان ئەمەریکا و چین بەهۆی تازەترین تەقاندنەوەی بالۆنەکانی چین لە لایەن ئەمەریکاوە توندوتیژتر بووە. ئێوە بە چڕوپڕی لەگەڵ پەیوەندیدانی ئەمەریکی و چین خەریک بوون. ئایا لێرەدا گەیشتوونەتە خاڵێک کەس نەتوانگ پاشەکشەی لێ بکات؟...
و: باوەڕ ناکەم.. ئامانجی خەڵک لە ئەمەریکا ، ئەوروپا و لە چین لە شەڕو هەرای یەکتردا نییە. قاتوقڕی لە زەوی و کانزاکان نییە.. بەڵام بۆئەوە پێویست بەیەکتر نییە شەڕ بکەین. من لەگەڵ ئەوەم کەمێک شێوەی قسەکردنمان بگرینەوە دەبێت ئێمە هەموو خۆمـان بۆ ئەوە تەرخان بکەین ، بەرەنگاری و شەڕی گۆڕانی کەشوهەوا و تیرۆریزم بکەین و داوای خوێندەواری و فێربوون و تەندروستی بکەین.


پ: ئێوە بە ١٩ ساڵی مایکرۆسۆڤتان دامەزراند خۆتان زۆر شتتان کرد. چ ئامۆژگارییەک بە نەوەی لاوان دەدەن ؟ چ هەڵەیەک ئێوە کردووتانە ئەوان باشتر خۆیانی لێ لا بدەن؟...

و: بەهیوا بووم زووتر گرنگی و بایەخی راستەقینەی فەرهەنگی پاشخانەکان و کەسایەتییەکان لە کۆمپانیاکەمدا فێربوومایە . لە پەیمانگاکەمدا سەرەتا زانینم ،پێویستمان بە کەسانێکی بیرکەرەوەی بێدەنگ هەیەو مرۆڤگەلێکمان پێویستە بۆئەوەی بتوانین کێشەکان چارەسەر بکەین- هەم زانستکار و هەمیش مرۆڤگەلی لەوێ کار دەکەن. هیواخوازم کەوا زووتر ئەم وانەیە فێربوومایە.
پ: لە ژیانتاندا گەلێ مرۆڤ سەرکەوتووتان بینیووە . ئەوانە شتێکی هاوبەشیان هەیە؟ شتێ هەیە وەک ئەوەی وەک هۆکارێکی یەکلاکەرەوەی سەرکەوتن؟

و: ئەو مرۆڤانەی لە کۆمەڵگەدا ئامادەییان هەیە، ئەوانەن کە بەردەوام فێردەبن. گرنگە مرۆ بە کەسانێک چواردەوری بگرێ، کە زیاتر لە خۆت، ئەزموونیان هەبێت لە بوارە سەرەکییەکانی ئایندەدا.

چاوپێکەوتن لەگەڵPaul Rainey بەڕێوەبەری ئینیستیتودتی Max- Planckبۆ گەشەپێدانی بایۆلۆژی و لێپراوی تاقیگەی Laboratoire Génétique لە پاریس
رۆژنامەی دێر تاگەسشپیگل ٣١/٣/٢٠٢٣ لەلایەن

Brigit Herden




گەران ، ژوانەکان، تەندروستی - زیرەکی دەستکرد بۆتە بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی رۆژانەمان ، وەک

خاوەن دیدی گەشەپێدەری تییوریتیکەر پاول رانەر دەڵێ : خەڵک و زیرەکی دەستکرد لەداهاتوویەکی نێزیکدا زۆر لێک دوور نابن لێک نزیک دەبنەوە.

پ: بەڕێز Rainey ئێوە لەوتارێکدا ئەوەتان خستە ڕوو، کە مرۆڤ و زیرەکی دەستکرد ، لەسەر لێواری یەکسانی و پەرەسەندنێکی هاوبەشن..چۆن بەم بیرکردنەوەیە گەیشتن؟
و: بە ئاوڕدانەوەیەک بۆ گەشەسەندنی ژیان ، دەبینین گەلێ بازی بنچینەیی لەم وێستگەیەدا نراوە... ئەمەش بەرەو ئەو ئاراستەیەی هێناوین کە ژیان بەشێوەیەکی هیراشی/ هەرەمی دروستکراوە ..وەک لای بووکەشووشەی ماترۆشکای رووسی کە مرۆ دەیکاتەوە بەردەوام دانەیەکی بچوکتر دەبینێتەوە.

پ: کەواتە هەروەکو ئەوەی ئۆرگانیزمی فرەخانەیی زیاد دەکەن بەهەمان شێوەی مرۆڤ پێی زیاد دەکات.
و: بەڵێ لێرەدا ئۆرگانیزمە سەرکەوتووەکان دەستنیشان دەکرێن.. نەک چیتر تاکە بەتاکەی خانەکان. لە ڕەوتی پەرەسەندنی ژیان دا بۆ نموونە گرووپی خانە دەچنە سەر خانەی تر پێکەوە..کە دواتر پێکەوە وەک یەکەیەکی بەهێز بەهێزتر خۆی دووبارە دەکاتەوە.. تەنانەت پێشتر ، دوو بەکتریای دێرینی گرنگی دیکەی پەرەسەندنی خانە هاوشێوەکان دەرکەوتن.. پێویستە خانە مۆدێرنەکان بەرهەم بهێنن کە ئیمڕۆ ئێمەی لێ دروست بووین. دەکرێت ئاستی دووبارەبونەوەکان بگەڕێندرێنەوە بۆ لابردنی ژیان لەماددەوە؟؟؟؟ چەمکی پسپۆڕی بۆ ئەم جۆرە وەرچەرخانە بنچینەییە بریتییە لە Major Evolutionary Transisition ´MET

پ: ئێوە شیمانە دەکەن، گەشەکردنی مرۆڤ دەکەوێتە بەردەم وەرچەرخانێکی نوێ؟
و: بەڵێ ئەرگومێنتەکان بۆ ئەمە کەوا مرۆڤ و زیرەکی دەستکرد پێکەوە گەشەکردنێکی نوێ پێک دێنن، دەرکەوتووە لەڕێی فراوانکردنی نەخشە و بۆچوونی/ کۆنسێپتی کە بۆ روونکردنەوەی هۆکاری METs سەنترالن. مرۆڤ وAI لە پرنسیپدا دەتوانن یەک یەکەیەکی گەشەکردن پێک بهێنن، کە تێیدا چ مرۆڤ و چAI بەشێکی تاقە دانەیەک بن، لەسەر ئاستێکی بەرز یەکەیەکی نوێ دووبارە بکەنەوە.

پ: ئەوە بە کۆنکرێتی مانای چییە؟.

و: من پێموایە لە هاتوویەکی نە زۆر دووردا مرۆڤ خۆی بە ئۆتۆنۆم گەشە ناکات. ڕەگەز و جۆرەکانی ئێمە لە ڕێگەی بەهێزی هەڵبژاردنی سروشتەوە هاتنەبوون. لەهەر نەوەیەکدا ئەو کەسانەی کە منداڵەکانیان بە باشترین شێوە خۆیان لەگەڵ ژینگەکەیاندا دەگونجێنن توانیوتانە زۆرترین زاوزێ بکەن.. بەتەواوەتی وەکو ئەوەی لەگەڵ تەواوی زیندەوەرەکانی تردا. دەشێ ئێستا ئەمە بگۆڕێ. لە ئایندەدا ئەوانەیباشترین چانسیان هەیە ، کە پێژەوە لەگەڵ زیرەکی دەستکرددا بەسەرکەوتووترین شێوە ڕەفتار بکەن.

پ:مەبەستتان ئەوەیە مرۆڤ و مەکینە تێکەڵ دەبن؟

و: دەستێوەردانێکی ڕیشەیی پێویست نییە بۆئەوەی کەوا مرۆڤ و زیرەکی دەستکرد ببنە یەکەیەکی پەسەرەندن. هەنووکە هەر یەکێ بە هۆی هەڵگرتنی Smartphone ەوە فۆڕمێک لە AI پێیە . بەهۆی ئەمەوە دەگەڕێین بە جیهان دا، گفتوگۆ دەکەین، چاودێری دەکەین و پشتیوانی لە تەندروستیمان دەکەین، بەدوای زانیاریدا دەگەڕێین ، یاخود لەسەر DatingApps هاوژینەکەمان دەیدۆزینەوە. زیرەکی دەستکرد سەر تەلەفونە زیرەکەکەمان ئێستا سوودی گەورەی مانەوەمان لەسەر ژیان دەداتێ، ئەوەی ئێستا دەیبینین و دەیکەین سەرەتاکەیەتی.

پ: بەڵام ئامێرەکان بەخێراییەکی زۆر گەورەتر لە مرۆڤ گەشەدەکەن . چۆن دەتوانرێ گەشەسەندنێکی هاوبەش پێکەوە بکرێ و رووبدات ؟.

و: ئامێرەکان یەکلاییکەرەوە نین ، بەڵگو ئالگوریزمەکان.، کە لە ڕەوتی ژیانی ئێمەدا بەردەوام باشتر لەگەڵ پێداویستییەکانماندا خۆماندا بگونجێنین. ئەوەی گرنگە بۆ گەسەندنێکی هاوبەش ئەوەیە، ئایا ئێمە زانیارییەکان کە ئالگوریزم لەسەر ئامێرەکانمان فێری بوون، دەیدەین بە منداڵەکانمان.. هەر ئێستا ئەو دیاردەیە هەیە، کە دایک و باوک مۆبایلە کۆنەکانیان دەدەنە دەست منداڵەکانیان. خۆ گەر مۆبایلەکانیش نەبێت وا Apps و دەستگەیشتن بە داتاکان لە خێزان...

بەمزوانە دەتوانرێ لێهاروویی و توانا، ئالگوریزمی گونجاو لە باوک و دایکەوە بێت بەمیراتی منداڵان.

پ: بۆچی لەئیستادا زیرەکی دەستکرد بەکەڵکی دایک و باوک دێ؟

و: بیهێنە بەرچاوتان کەسێک لەژێر باری سەختی خەمۆکیدا دەناڵێنێ، دوایی پاش هەوڵێکی دوورودێژی ژیانی بەهۆی یارمەتی زیرەکی دەستکردەوە وەک ڕاهێنەرێک دەستکێکی باش بەدەست دێنێ.. ئایا ئەم گەنجینەیە لە ئەزموون لە فۆرمی زیرەکی دەستکرددا لەمە زیاتر دەچێتە پێشەوە، دەتوانن منداڵەکانی سوودی لێوەرگرن. دەکرێ ئەمە کارە هەمان شت بێت لەگەڵ چەندین ئالگوریزمی پێشکەوتووی تر کە بەسوودن بۆ ژیانێکی سەرکەوتوو ببێتە هۆی وەچەی زیاتری مرۆڤ و زیرەکی دەستکردزبەسوود بێت

مەودای خێرایی سەرکەوتنی هاوبەشی مرۆڤ و زیرەکی دەستکرد جێبەجێ دەکرێ؟..
و: دەرێ خێرا بڕوات، میکانیزمی هەڵبژاردن زۆر لەوە بەهێزترە کە زۆربەی خەڵک تێی دەگەن. دەتوانێ وابەستەیی لە میانەی چەند وەچەیەکی کەم دا، دروست بێت.. هەر کە هەڵبژاردن لە ئاستێکی بەرزتردا کار لێک دەکات، مرۆڤ و زیرەکی دەستکرد، ئێمە بە MET نوێدا تێپەڕین، گواستنەوەیەکی بنچینەیی نوێ لە پەرەسەندندا. ئەمە کاریگەرییەکی قووڵی دەبێت لەسەر ڕێڕەویداهاتووی پەرەسەندنی مرۆڤ و ئەوەی کە زیرەکی دەستکرد..

پ: ئایا ئەمە شتێکی باشە یان خراپ دەبێت بۆ مرۆڤ؟

و: پەیوەندی بە ڕوانگە و بۆچوونەوە هەیە. لەدەرەوە توانای نوێی سەرنجڕاکێش دەردەکەوێت، شتێک وەک گواستنەوە لە زیندەوەرە تاک خانەییەکانەوە بۆ زیندوەرە فرەخانەییەکان. فرەچەشنی بوونەوەرە زیندووەکان ئەوەی کە حەز دەکەین سەرسامیان بین ئیمڕۆ ئەوە زەحمەتە.

پ: ئایا زیاتر ئەگەرێکی ئەوە نییە، ڕۆژێ لە ڕۆژان زیرەکێکی دەستکرد دروست بێت، کە بکەوێتە پێشبڕکێوە لەگەڵ مرۆڤدا لەسەر سەرچاوەکان ؟ زیرەکێکی دەستکرد نابێت کە بالادەستترە لەمرۆڤ، جیهان بگرێتە دەست ؟.

و: بێگومان ئەوە بەگشتی دەشێ، ئالگوریزم خۆی لەڕێگای میکانیزمی گەشەکردنەوە بە مانا داروینییەکەی زیاترپەرەبسێنێ. مەرجێکی بنەڕەتی بۆ ئەمە توانا و لێهاتوویيە بۆ کۆپی هاوشێوە و دووبارەیە. هەڵسان بە ڕاقیکردنەوەی شتێک لەم جۆرە . من پێموایە کەوا گەشەپێدەری زیرەکی دەستکرد ئەوە لەبەرچاو دەگرێ.. ، دەسەڵاتی هەڵبژاردنی سروشتی بەکاربهێنن بۆئەوەی گەشەبدەن بە ئالگوریزمی وریا و زرنگ.. لە کۆتاییدا، دەستکردی زیرەک دەتوانێت بە سەربەخۆیی لە کاریگەری مرۆڤ بڵاوببێتەوە و پێشبڕکێ بکات بۆ ئەنجامدانی پرۆسێسەرەکان. بەڵام دواجار هەموو زیرەکی

دەستكرد هێشتا پشت بە جیهانی فیزیک و ئێمە دەبەستێ . ئێمە پێویستە لەکاتی مەترسیدا تەنیا لەکاتی خۆیدا لە پلاکەوە بیکوژێنینەوە...